

ئەڵماس مستەفا

**هۆکاری سەرەکیی زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان پیاوانن.**

زۆرن ئەوانەی کە بە دەست کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەناڵێنن، زۆربەی زۆری ئەو کێشانەش دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی سۆز و خۆشەویستی یان رادەی تێگەیشتنی هاوسەرەکان. زۆر کەس پێیان وایە – وەک لە ئەفسانە کۆنەکاندا هاتووە – کە " خۆشەویستی بۆ یەکەم جار لە لایەن (ئادەم و حەوا)ەوە سەریهەڵداوە؛ گوایە کاتێک ئادەم چاوی بە حەوا دەکەوێ بەجۆرێکی هێندە قووڵ سۆزیان بۆ یەکتر دەبزوێ و ئاشقی یەکتر دەبن تا رادەی توانەوەی رۆحیان لەنێو یەکتردا.. ئەگەر هێزی راکێشانی ئەو سێوە نەبوایە ئەوا خۆشەویستی و پەرۆشیی ئادەم و حەوا بۆ یەکتر هەر بەردەوام دەبوو و بۆ هەتاهەتایێ لە بەهەشت دەمانەوە و ئێمەش نەدەکەوتینە سەر ئەم زەوییە و تووشی ئەم هەموو کێشمەکێشەی ژیان و ئاوەهاش دووچاری دابڕان و ئەم سەختیی ژیانە نەدەبووین"! بەڵام لە راستییدا کاڵبوونەوەی خۆشەویستی و کێشەکانی ژنان لە ئەنجامی هاتنەکایەی رەوتی پیاوسالاریی و دابونەریتە خراپەکان و دین و فەرهەنگی دواکەوتووانەی کۆمەڵەوە سەرچاوەی گرتووە بەتایبەتییش لە کۆمەڵگەکانی ناوچەکانی خۆمان کە دینی ئیسلام رێگەی بە فرەژنیی داوە.

لەمێژە ژنان لە نێو ئازار و ئەشکەنجە زوڵم و زۆری پیاوسالاریی دەتلێنەوە و لەپاش ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەریشیان دێ هەر دەستەوئەژنۆ داماون و خەم هێلانە لەسەر دڵ و دەروونیان دەکا و خۆیان دەخۆنەوە، ئەوەتا لە ماوەی دە مانگی رابردوودا سی و چوار ژن خۆیان کردە مەشخەڵ و گڕوتینی دابونەریتە دواکەوتووەکانی هاوسەرگیریی تەنگی پێهەڵچنین و بەجۆرێک لایان وا بووە کە تەنیا چارەسەر بۆ ژیانی ئەوان ئەوەیە دەست لە ملی مەرگ بکەن و رۆحی پەپووڵەئاسایان هەڵبوەرێنن.

زۆرن ئەو پیاوانەی کە دەبنە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کەسایەتی ژن .. ئەو پیاوانە خۆیان بە پلە یەک و ژنان بە پلە دووی کۆمەڵگە دەزانن، لە کۆنەوە تا ئێستا هیچ یاسایەکی ئەوتۆی کۆمەڵایەتیی دەستەبەر نەکراوە بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ ئەو پیاوسالارییە دابندرێت. لە وولاتی ئێمەدا حکومەت خۆی پیاوسالارە، هەر بۆ نموونە ئەگەر تەماشای کابینەی تازەی حکومەتی کوردستان بکەین دەبینین رۆڵی ژنان و رێژەی ژنان تێیدا زۆر زۆر بەرتەسک و سنووردارە! کەچی سەری زمان و بنی زمانی دەسەڵاتداران مافی ژنان و دروشمی بریقەدار و بێ ناوەڕۆکە.. هەروەک پێشتریش لە کابینەی رابردوو لە پاش ئەو هەموو بانگەشە و پڕوپاگەندانەی دەیانکرد دەربارەی ماف و ئازادییەکانی ژنان لەنێو خودی پەرلەمان دەنگ بە یاسای فرەژنیی درا و بەسەریان داسەپاندن و هێندەیتر دەنگی نارەزایەتیی ژنانیان کپ کردەوە و وایان لێکردن زیاتر خۆ بخۆنەوە و خەمەکانیان پەنگ بخواتەوە و سەرئەنجام ببێتە مایەی خۆ سوتاندن و جۆرەکانیتری خۆ لەنێوبردن و کوشتنیان لە لایەن پیاوانەوە حەڵاڵ بکرێ.

لەم سەردەمی سەربەستیی و جیهانگیرییەی ئێستا کە هەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانەی گرتوتەوە هێشتا زۆربەی زۆری پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە پەیڕەوی یاسا و رێسا و دابونەریتەکانی سەردەمی جاهیلیەت دەکەن و بە دڕندانەترین شێوە ژنان دەچەوسێننەوە، بۆیە هیوادارم و زۆریش پێویستە ئێستا ژنان خۆیان بە شۆڕشی دژ بە چەوسانەوەی ژنان هەڵسن و چیدی چاوەڕوانی بەخشندەیی پیاوان نەبن بۆ ئەو سەربەستییە، من دڵنیام هێندەی ئێستا ژنان شەهید دەکرێن ئەگەر ئەو شۆڕشە هەڵگیرسێنن نیو ئەوەندەیان لێ شەهید نابێ.

دەبا هەمووومان لەژێر دروشمی " نا بۆ توندوتیژیی و چەوسانەوەی ژنان و بەڵێ بۆ وەدەستهێنانی مافە رەواکانیان " کۆببینەوە و کۆتایی بە کۆیلایەتیی بهێنین.

**سوێد – ٢٠٠٩\١١\١١**